REFUGEE ACTION GOOD PRACTICE

# ئاسانکاری پرۆسەی پەنابەری

## پرسیارە دووبارە بووەکان

## ناوەڕۆکەکان:

ئایا ئەمە پرسیارە دووبارە بووانە بۆ چیە؟ ... 2
گرنگترین شتەکان چین تا بیزانیت؟ ... 2
ئایا 'ئاسانکاری پرۆسەی پەنابەری چیە'؟ ... 2
چی ڕوودەدات ئەگەر ڕاپرسیەکە پڕ نەکەمەوە و نەگەڕێنمەوە؟ ... 3
ئایا دەتوانم خۆم فۆرمەکە پڕ بکەمەوە و پێشکەش بکەم؟ ... 3
مەترسیەکانی پڕکردنەوەی ڕاپرسیەکە چین؟ ... 3
چۆن ڕاوێژکارێکی کۆچی ڕێکخراو دەتوانێت یارمەتی بدات؟ ... 4
من ڕاوێژکارێکی ڕیکخراوم هەیە - چی بکەم؟ ... 5
من ڕاوێژکارێکی ڕیکخراوم نیە - چۆن دانەیەک بدۆزمەوە؟ ... 5
پارێزەرانی هاوکاری یاسایی ... 5
OISCڕاوێژکارانی ... 5
پارێزەرانی دیکە ... 6
ئایا دەتوانم داوا لە برادەرەکەم بکەم یارمەتیم بدات؟ ... 6
بۆچی بە شێوەیەکی گشتی بیرۆکەیەکی خراپە داوای یارمەتی لە برادەرێک بکەیت؟ ... 6
ئایا ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی پەنابەر دەتوانن یارمەتیم بدەن؟ ... 6
ئەگەر ڕاپرسیەکە بگەڕێنمەوە، کەی دەتوانم چاوەڕوانی بڕیارێک بم؟ ... 7
داوای درێژکردنەوەیەکم کردووە - دواتر چی بکەم؟ ... 7
ئایا دەتوانم چی بکەم ئەگەر داواکاریەکەم وەک کشێنراوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟ ... 7
ئایا پێداچوونەوەی دادوەری چیە؟ ... 8
ئایا 'پێشکەشکردنی داواکاریەکی دیکەی نوێ' چیە؟ ... 8

REFUGEE ACTION GOOD PRACTICE

# ئایا ئەمە پرسیارە دووبارە بووانە بۆ چیە؟

ئەم پرسیارە دووبارە بووانە بۆ تۆیە ئەگەر:

- ☐ تۆ هاونیشتیمانیەکی ئەفغانستان، ئەریتیریا، لیبیا، سووریا یان یەمەنیت، و
- ☐ پێش 28 ـی حوزەیرانی 2022 داواکاری پەنابەریت پێشکەشکردووە، و
- ☐ ڕاپرسی پەنابەریت پێدراوە تا پڕی بکەیتەوە و بیگەڕێنیتەوە، و
- ☐ منداڵێکی بەتەنها نیت

ئەگەر ناتوانیت هەر چوار خانەکەی سەرەوە نیشانی بکەیت، ئەم پرسیارە دووبارە بووانە بۆ تۆ نیە**!** (گەرچی ڕەنگە هێشتا زانیاری بەسوودی تێدا بێت...)

# گرنگترین شتەکان چین تا بیزانیت؟

- ئەگەر ڕاپرسی پەنابەریت وەرگرت، دوا وادەیەک هەیە بۆ پێشکەشکردنی
- پێشنیاری ئەوە دەکەین پرسیار لە ڕاوێژکارێکی کۆچی ڕێکخراو بکەیت بۆ یارمەتیدانت لە پڕکردنەوەی
- ئەگەر ناتوانیت ڕاوێژکاری کۆچی ڕێکخراو بدۆزیتەوە، دەتوانیت داوای درێژکردنەوەی دوا وادەکە بکەیت
- ڕێکخراوە خێرخوازی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی پەنابەری دەتوانن یارمەتیت بدەن بۆ داواکردنی درێژکردنەوە
- ئەگەر هیچ شتێک نەکەیت، داواکاریەکەت وەک کشێنراوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت - ئەمە شتێکی خراپە!

# ئایا 'ئاسانکاری پرۆسەی پەنابەری چیە'؟

ئاسانکاری پرۆسەی پەنابەری پرۆسەیەکی نوێیە بۆ بڕیاردانی خێرا لە سەر هەندێک داواکاری پەنابەری. لە شوباتی 2023 لە لایەن ڤیزە و کۆچی شانشینە یەکگرتووەکانی بەریتانیا یان UKVI خرایە کار - فەرمانگەیەکی Home Office ـە کەوا کار لە سەر داواکاریەکانی کۆچ و داواکاریەکانی پەنابەری دەکات.

' UKVI**ڕاپرسیەکی پەنابەریت'** بۆ دەنێرێت و داوات لێدەکات بە ئینگلیزی پڕی بکەیتەوە و **لەماوەی 20 ڕۆژی کارکردن** بیگەڕێنیتەوە. ئەو زانیاریە بەکاردێنن بۆ بڕیاردان لە سەر داواکاریەکەت کەوا تۆ پێشکەشی دەکەیت.

**ئەگەر بڕیار بدەن کەوا تۆ شایستەی پەنابەری یان پاراستنی مرۆییت:**

- پێویستە دۆخت پێشکەش بکەن ☐☐☐☐ بانگێشتکردنت بۆ چاوپێکەوتنی پەنابەری
- ئێمە نازانین چەندە بە خێرایی دۆخت پێشکەش دەکەن، بەڵام تەواوکردنی ئەم ڕاپرسیە بۆ مەبەستی خێراکردنی پرۆسەکەیە

**ئەگەر دڵنیا نەبنکەوا تۆ شایستەی پەنابەری یان پاراستنی مرۆییت:**

- پێویستە بۆ چاوپێکەوتنێک بانگێشتت بکەن
- هەروەها دەتوانیت بەڵگەی زیاتر پێشکەش بکەیت
- دوای چاوپێکەوتنەکە دەتوانن دۆخ پێشکەش بکەن، بەڵام دەتوانن ڕەتیشی بکەنەوە.

نابێت بەبێ چاوپێکەوتن پەنابەریت **ڕەت بکرێتەوە** .

REFUGEE ACTION GOOD PRACTICE

# چی ڕوودەدات ئەگەر ڕاپرسیەکە پڕ نەکەمەوە و نەگەڕێنمەوە؟

ئەگەر لە کاتی خۆیدا ڕاپرسیەکە پڕ نەکەیتەوە و نەگەڕێنیتەوە، لەوانەیە UKVI بڕیار بدات **'داواکاریەکەت وەک کشێنراوە هەژمار بکات'**

ئەمە لە ڕەتکردنەوە خراپترە:

- هیچ مافێکی تێهەڵچوونەوە نیە
- چی دیکە داواکاری پەنابەری هەڵپەسێردراوت نابێت
- ڕەنگە چی دیکە شایستەی پشتیوانی پەنابەری نەبیت
- ڕەنگە دەرماڵەکان لە دەست بدەیت کەوا پێش 28 ی حوزەیرانی 2022 هەت بووە

ڕەنگە هێشتا ڕێگایەک هەبێت بۆ ئەمە (سەیری خوارەوە بکە) بەڵام کاتێکی زیاتر دەخایەنێت و ڕەنگە ببێتە هۆی دۆخی کەمتر خوازراو.

**دەتوانیت داوای درێژکردنەوەیەکی دوا وادەکە بکەیت، ئەگەر ناتوانیت کەسێک بدۆزیتەوە لە کاتی خۆیدا یارمەتیت بدات.**

# ئایا دەتوانم خۆم فۆرمەکە پڕ بکەمەوە و پێشکەش بکەم؟

بەڵێ دەتوانیت. بەڵام، بە شێوەیەکی گشتی باشتر دەبێت ڕاوێژکارێکی کۆچی ڕێکخراو دەست بخەیت. ئەمە بەهۆی ئەوەیە کەوا مەترسی هەیە ئەگەر لە فۆرمەکە هەڵە بکەیت.

بۆ زانیاری زیاتر سەیری خوارەوە بکە بۆ ڕاوێژکاری کۆچی ڕێکخراو.

# مەترسیەکانی پڕکردنەوەی ڕاپرسیەکە چین؟

کاتێک بابەتەکە پەیوستە بە پڕکردنەوەی ڕاپرسیەکە، چەند شتێکی کەم هەن کەوا دەکرێت هەڵە بێت:

- بەلاوەنانی زانیاری گرنگ
- ئەنجامدانی 'هەڵەی بەرچاو' (واتە هەڵە دەربارەی ژیانی خۆت)
- لەخۆگرتنی زانیاری ناپەیوەندیدار
- ناڕوون یان تەمومژاوی بوون
- ووتنی شتێکی ناڕاست یان شاردنەوەی زانیاری

ئەم شتانەی خوارەوە دەکرێت کاریگەری هەبێت:

- ئایا UKVI باوەڕ بە مێژووەکەت دەکات
- ئایا UKVI هەست دەکات تۆ هاونیشتیمانی ئەو وڵاتەی کەوا بانگەشە دەکەیت لەوێوە هاتوویت
- ئایا UKVI هەست دەکات پێویستیت بە پاراستن هەیە
- هەر داواکاریەکی ئایندەی ئەندامانی خێزانەکەت ڕەنگە پێشکەشی بکەیت بۆ هاتنە لای تۆ لە بەریتانیا ئەگەر داواکاریەکەت سەرکەوتوو بێت

بۆ نموونە، ڕەنگە UKVI هەست بکات تۆ ڕاستی ناڵێیت ئەگەر:

- شتێکی جیاواز دەڵێیت لەوەی لە چاوپێکەوتن یان ڕاپرسیەکی زووتر یان درەنگتر ووتت بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک
- لە ڕاپرسیەکەت شتی ناکۆک دەڵێیت

- ئەگەر شتێک بڵێیت کەوا هاوڕێک نەبێت لەگەڵ زانیاری لای UKVI، بەلەخۆگرتنی زانیاری دەربارەی وڵاتی ڕەسەنت
- ئەگەر هەوڵ بدەیت شتێک بشاریتەوە کەوا UKVI لە سەرچاوەیەکی دیکە دەیزانێت
- ئەگەر نەتوانیت شتێک ڕوون بکەیتەوە کەوا لە ڕابردوو کریوتە کەوا UKVI زانیاری دەربارەی هەیە
- ئەگەر بە ئینگلیزی وشەی هەڵە بەکاربێنیت، یان ئەگەر ئامرازێکی وەرگێرانی ئۆنلاین واتای وشەکانت بگۆڕێت

ئەگەر هەست بکەن تۆ ڕاستی ناڵێیت، ڕەنگە داواکاریەکەت ڕەت بکەنەوە. تەنانەت ڕەنگە گومان لە ڕەگەزنامەشت بکەن.

نموونەی تری ئەو شتانە هەن کەوا ڕەنگە بە هەڵەدا برۆن:

- ئەگەر زانیاری گرنگ پشتگوێ بخەیت، ڕەنگە UKVI هەست بکات کەوا لە ژێر مەترسی نیت و بەهۆی ئەم هۆکارە داواکاریەکەت ڕەت بکەنەوە
  - هەروەها ڕەنگە وا هست بکەن کەوا تۆ ڕاستی ناڵێیت ئەگەر دواتر بیڵێیت
- ئەگەر ڕوون نەبیت، یان زانیاری ناپەیوەندیداری زۆر دابنێیت، کارەکەی ئەوان زەحمەتتر دەکەیت بۆ ئەوەی بڕیاری دروست بدەن - ڕەنگە بە هەڵە لە داواکاریەکەت بگەن
- ئەگەر لە بیر بکەیت ئاماژە بە ئەندامانی خێزان بکەیت کەوا لە دەرەوەی بەریتانیان، ئەو ئەندامانەی خێزان ڕەت دەکرێنەوە کاتێک داواکاری پێشکەش دەکەن بۆ پەیوەندیکردن بە تۆ

ئەم شتانە دەکرێت ڕوو بدەن، جا خۆت ڕاپرسیەکە پڕ بکەیتەوە یان بە یارمەتی کەسێکی دیکە پڕی بکەیتەوە. بەڵام، ڕاوێژکارانی کۆچی ڕێکخراو پێویستە وریا بن و هەوڵ بدەن دڵنیا بن کەوا هیچ هەڵەیەک نیە.

پێویستە سەرنج بدرێت کەوا ئامانجی سیاسەتەکە بریتیە لە خێرا بڕیاردان لە سەر کەیسەکان. چونکە پێشبینیکراو نیە بەبێ چاوپێکەوتن ڕەتی بکەنەوە، خێراترە بۆ پێدانی پاراستن بەراورد بە ڕەتکردنەوەی. ساڵی ڕابردوو ڕێژەی بەخشین بە داواکارانی پەنابەری لە ئەفغانستان، ئەریتریا، لیبیا و سوریا و یەمەن لە 95% زیاتر بووە. بۆیە ڕەتکردنەوە دەگمەنە. بەڵام لە [سیاسەتی ئاسانکاری پرۆسەی پەنابەری](#) ڕوونە کەوا UKVI هێشتا پێشبینی هەندێک ڕەتکردنەوە دەکات. تا ئەو کاتەی زیاتر دەزانین، باشترین شت ئەوەیە وریا بیت!

# چۆن ڕاوێژکارێکی کۆچی ڕێکخراو دەتوانێت یارمەتی بدات؟

پێویستە ڕاوێژکارێکی کۆچی ڕێکخراو:

- یارمەتیدانت لە تێگەیشتن لەوەی ئایا زانیاریەکە گرنگە یان پەیوەندیدارە
- سەیرکردنی چاوپێکەوتن و پەراوەکانی پێشووتر و پرسیارکردن لە تۆ دەربارەی هەر دژیەک بوونێک
- دڵنیابە کەوا ڕاپرسیەکە بە ڕوونی و بە ووردی و بە تەواوی پڕکراوەتەوە (یان ڕەنگە ڕوونکردنەوەیەک هاوپێچ بکەن کەوا ڕوون و تەواوە و وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە)
- یارمەتیدانت لە بڕیاردان لەوەی کامە بەڵگە دابنێیت، ئەگەر هەت بێت
- هەڵەی بەرچاو نەکەیت
- هەرگیز بە مەبەست زانیاری پەیوەندیدار بە هەڵە مەدە یان مەشارەوە
- دڵنیاکردنەوە لەگەڵت کەوا ئەو زانیاریەی پێشکەشت کردوە دروستە پێش ئەوەی پێشکەشی بکەیت

ئەرکیان هەیە بۆ نوێنەرایەتی کردنی تۆ بەشێوەیەک لە باشترین بەرژەوەندی تۆ بێت (بەجۆرەی لە لایەن خۆتەوە پێناسە دەکرێت!) دەتوانیت سکاڵا لای ڕێکخەرەکە بکەیت ئەگەر شتێکی وا بکەن کەوا زیان لە داواکاریەکەت دەدات. بەڵام، پشت بەو شتە دەبەستن کەوا تۆ دەیڵێیت، بۆیە ئەگەر هەڵەیەک بکەیت، ناکرێت ئەوان بەرپرسیار بن - پێویستە تۆش ووریا بیت!

لە زۆرینەی حاڵەتەکان، سەرپێچیەکی تاوانکارانەیە بۆ کەسێکی ڕێکنەخراو بۆ پێشکەشکردنی ئەم جۆرە یارمەتیە.

# من ڕاوێژکارێکی ڕێکخراوم هەیە - چی بکەم؟

ئافەرین! دەستبەجێ پەیوەندیان پێوە بکە و بزانە ئایا دیمانەیەکت پێدەدەن بۆ پڕکردنەوەی فۆرمەکە.

ئارام بە - ڕەنگە لەم بارودۆخەدا کلایەنتی دیکەیان هەبێت.

ڕەنگە بتوانن داوای درێژکردنەوەیەکی دوا وادەکە بکەن بۆ پێشکەشکردنی فۆرمەکە ئەگەر توانای ئەوەیان نەبێت دەستبەجێ تۆ ببینن.

# من ڕاوێژکارێکی ڕێکخراوم نیە - چۆن دانەیەک بدۆزمەوە؟

ئەمە لە کاتی ئێستادا زەحمەتە. کەمیی ڕاوێژی کۆچی بەخۆڕایی لە زۆرینەی بەشەکانی وڵات هەیە. ڕەنگە چەند مانگێک چاوەڕوان بیت بۆ دیمانەیەک.

## پارێزەرانی هاوکاری یاسایی

باشترین بژاردە بریتیە لە دۆزینەوەی پارێزەرێکی هاوکاری یاسایی. شایستەی هاوکاری یاسایی دەبیت ئەگەر پشتیوانی پەنابەری وەردەگریت. هەروەها لە بارودۆخەکانی دیکەش شایستە دەبیت، ئەگەر لە ڕێگەی داهات یان پاشەکەوت پارەی زۆرت نەبێت.

هەروەها:

- پارێزەرانی هاوکاری یاسایی پێویستە لە تاقیکردنەوەی کۆچکردن سەربکەون، بۆیە تاقیکردنەوەیان بۆ کراوە بۆ زانیاریەکانیان
- هەروەها هاوکاری یاسایی پارەی وەرگێڕانی دەستبەجێ، وەرگێرانی نووسین و ڕاپۆرتەکانی پسپۆڕ دەدات ئەگەر پێویست بکات.

دەتوانیت پارێزەری هاوکاری یاسایی لێرە بدۆزیتەوە. پۆستکۆدت بنووسە. دڵنیا بە ئەو خانەیە دیاری بکەیت کەوا دەڵێت "کۆچکردن یان پەنابەری."

## ڕاوێژکارانی OISC

ڕاوێژکارانی OISC پسپۆرن لە کۆچ و پێویستە لە تاقیکردنەوەکان دەربچن. پێویستیت بە ڕاوێژکارێکە کەوا لێهاتوو بێت لە ئاستی 2 لە جۆری پەنابەری و پاراستن.

دوو جۆری ڕاوێژکاری OISC هەن: داواکردنی تێچوو و داوا نەکردنی تێچوو. داواکردنی تێچوو واتە لە زۆرینەی حاڵەتەکان پێویستە پارە بدەیت.

دەتوانیت ڕاوێژکارێکی OISC لێرە بدۆزیتەوە. پۆستکۆدت بنووسە. "کاری کەیسی L2" لە "جۆرەکانی ڕاوێژ" هەڵبژێرە. "ڕاوێژی پەنابەری و پاراستن" لە "پەنابەری یان کۆچکردن" دەستنیشان بکە. "داواکردنی تێچوو یان داوا نەکردنی تێچوو" دەستنیشان بکە بەگوێرەی پێویستیەکانت. ڕاوێژکارانی بە پارە گرانبەهان ئەگەر پشتیوانی پەنابەری وەربگریت. پێویست ناکات پارە قەرز بکەیت یان بکەویتە ژێر قەرز کاتێک شایستەی هاوکاری یاساییت!

ڕاوێژکارانی بەبێ داواکردنی پارە لە ڕێکخراوە خێرخوازیەکان کار دەکەن بۆ یارمەتیدانی کۆمەڵگە تایبەتەکان یان گروپە لاوازەکان (بۆ نموونە ئەو کەسانەی لە شارۆچکە یان ناوچەی دیاریکراون، پەنابەران، ئافرەتان و منداڵان و هتد.) هەروەها، ڕەنگە تەنها خزمەتگوزاریەکی زۆر تایبەت یان سنووردار پێشکەش بکەن. ڕەنگە توانای یارمەتیدانی تۆیان نەبێت لە ڕاپرسیەکە. بەڵام، ڕەنگە هێشتا بتوانن یارمەتیت بدەن لە شتەکانی دیکە، وەک دۆزینەوەی پارێزەری هاوکاری یاسایی یان داواکردنی درێژکردنەوە.

## پارێزەرانی دیکە

[لە سەر وێبسایتی کۆمەڵگەی یاسا پارێزەران بدۆزیتەوە](#)، بەلەخۆگرتنی پارێزەرانی هاوکاری یاسایی.  ئەوانەی هاوکاری یاسایی ناکەن لە زۆربەی حاڵەتەکان داوای پارەت لێدەکەن.  تێچووەکان گرانبەهان ئەگەر پشتیوانی پەنابەری وەربگریت.  جۆری دیکەی پارێزەر هەن کەوا ڕەنگە بتوانن یارمەتی پێشکەش بکەن، بەڵام ئەمانە کەمن!

# ئایا دەتوانم داوا لە برادەرەکەم بکەم یارمەتیم بدات؟

بە شێوەیەکی گشتی ئەمە بیرۆکەیەکی خراپە.  بەڵام، کارێکی نایاسایی نیە بۆ برادەرێک یارمەتیت بدات لە پڕکردنەوەی ڕاپرسیەکە یان بڕیاردان لەوەی چی تێدا بنووسیت، بەو مەرجەی:

- هیچ پارە یان دیاریەکیان پێ نەدەیت (نابێت بۆ سوپاسکردنیش بێت!)
- کاری یان خۆبەخشی بۆ ڕێکخراوێک ناکەن کەوا پشتیوانی تۆ دەکات
- یارمەتی کەسانێکی زۆر نادەن لە حاڵەتی هاوشێوە یان لە کێشەکانی دیکەی پەنابەری یان کۆچ

ئەگەر هەر یەکێک لەمانەی سەرەوە جێبەجێ بێت، ڕەنگە برادەرەکەت تاوانێک ئەنجام بدات و دەکرێت سزا بدرێت یان بەند بکرێت ئەگەر تاوانبار دەربچێت.

# بۆچی بە شێوەیەکی گشتی بیرۆکەیەکی خراپە داوای یارمەتی لە برادەرێک بکەیت؟

چەندین هۆکار هەن:

- ڕەنگە ئینگلیزی برادەرەکەت زۆر باش نەبێت، یان ڕەنگە زمانی تۆ بە باشی نەزانن
- ڕەنگە برادەرەکەت وەک کەسێکی پسپۆڕ ووریا نەبێت - ڕەنگە هەڵە بکەن یان بە هەڵە تێبگەن و زانیاری هەڵە بنووسن
- ڕەنگە برادەرەکەت نەزانێت چی گرنگە یان پەیوەندیدارە تا بینووسێت
- ڕەنگە برادەرەکەت لە وشە و چەمکە یاساییەکان نەگات و ڕەنگە بە هەڵە وەرگێڕانی بۆ بکات و پرسیارەکان بە هەڵە لێک بداتەوە، وا دەکات تۆ وەڵامی هەڵە پێشکەش بکەیت
- ڕەنگە شتێک بە برادەرەکەت بڵێیت کەوا زەحمەتە یان شەرمەزارکەرە - دەکرێت کار بکاتە سەر پەیوەندیت لەگەڵیان
- ڕەنگە بارێکی نەشیاو بخەیتە سەر شانی برادەرەکەت - کارێکی زۆرە و هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات ئەگەر داواکاریەکەت دوا بخرێت یان سەرکەوتوو نەبێت
- ئەگەر تەنها ناسیاو یان برادەری برادەرێک بن، ئەو کات پاڵنەری کەمیان هەیە بۆ ئەوەی ووریا بن یان بە باشترین شێوە نوێنەرایەتی تۆ بەرژەوەندیەکانی تۆ بکەن

ڕەنگە هۆکاری زیاتر هەبێت!

# ئایا ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی پەنابەر دەتوانن یارمەتیم بدەن؟

ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی پەنابەری و ڕێکخراوە خێرخوازیەکانی دیکە تەنها یارمەتیت دەدەن بۆ پڕکردنەوەی فۆرمەکە ئەگەر ڕێکخراو بن لە لایەن کۆمسیۆنی نووسینگەی خزمەتگوزاریەکانی کۆچ (OISC) لە ئاستی 2 یان بەرزتر (سەیری سەرەوە بکە).  چەند ڕێکخراوێکی کەم لەم جۆرەدان. تەنانەت لەو شوێنانەی ئەنجامی دەدەن، ناتوانن یارمەتی هەموو کەسێک بدەن کەوا پێویستی پێیەتی.

UKVI نیازی وایە 12,000 لەم فۆرمانە لە ماوەیەکی کورتدا دەربکات. هەر فۆرمێک ژمارەیەکی نەزانراوی کاتژمێر دەخایەنێت بۆ پڕکردنەوە. زۆرینەی ڕێکخراوەکان کەوا ڕێکخراون بۆ پێدانی ڕاوێژی کۆچکردن کار دەکەن و هەوڵ دەدەن بۆ بەدیهێنانی پێویستیەکانی ئێستا.

ڕەنگە ڕێکخراوەکان بتوانن شتێک بکەن بۆ یارمەتیدان، بۆ نموونە:

- ئاراستەکردنت بۆ ڕاوێژکارانی کۆچی ڕێکخراو، کە بشێت (گەرچی، زۆرجار لە ماوەیەکی کورتخایەن ئەستەم دەبێت)
- یارمەتیدانت لە داواکردنی درێژکردنەوەی دوا وادەکە بۆ پڕکردنەوەی فۆرمەکە لە کاتێکدا بەدوای ڕاوێژکارێک دەگەڕێیت بۆ یارمەتیدانت

ڕەنگە بتوانن فۆرمەکەت بە زمانێک بۆ بخوێننەوە کەوا تێی دەگەیت. بەڵام، بەهۆی درێژی فۆرمەکە، ڕەنگە ئەمە پارەیەکی زۆریان بخاتە سەر بۆ وەرگێران، و ڕەنگە ئەنجامدانی ئەمە ڕەت بکەنەوە.

ئەگەر ڕێکخراو نەبن، نابێت یارمەتیت بدەن لە پڕکردنەوەی فۆرمەکە.

## ئەگەر ڕاپرسیەکە بگەڕێنمەوە، کەی دەتوانم چاوەڕوانی بڕیارێک بم؟

وەڵامە کورتەکە بریتیە لە، ئێمە نازانین. بەڵام، ئامانجی سیاسەتەکە بریتیە لە بڕیاردانی ئەرێنی بەخێرایی ئەگەر بشێت، بۆیە ڕەنگە پێویست نەکات ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بکەیت.

## داوای درێژکردنەوەیەکم کردووە - دواتر چی بکەم؟

Home Office پێویستە وەڵامی داواکاریەکەت بداتەوە. ئەگەر خۆت یان بە یارمەتی برادەر یان ڕێکخراوێکی خێرخوازی ناوخۆیی داواکاریەکەت پێشکەش بکەیت، **پێویستە سەیری پۆستە و ئیمەیل بکەیت بۆ وەڵامەکان**.

ئەگەر وەڵام بدەنەوە، ڕەنگە درێژکردنەوەیەکی کورتتر بدەن لەوەی تۆ داوات کردووە. ڕەنگە زیاتر لە جارێک داوای درێژکردنەوە بکەیت. لە کۆتاییدا، مەبەستی ئەمە بریتیە لەوەی تۆ نوێنەری یاسایی بدۆزیتەوە، بۆیە تکایە چاوکراوە بە!

## ئایا دەتوانم چی بکەم ئەگەر داواکاریەکەم وەک کشێنراوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟

هیچ مافێکی تێهەڵچوونەوە نیە. ئەگەر دوا وادەکەت تێپەڕدان، دەتوانیت نووسراو بۆ Home Office بکەیت (asylumcustomercommunicationshub@homeoffice.gov.uk) بۆ داواکردنی ئەوەی داواکاریەکەت بگەڕێنرێتەوە و ڕوونکردنەوەی هۆکارەکان بۆچی نەت توانیوە لە کاتی خۆیدا ڕاپرسیەکە بگەڕێنیتەوە.

ئەگەر ئەمە ڕەت بکەنەوە، دوو ئەگەر دەهێڵێتەوە:

- پەنابردنە بەر پرۆسەی پێداچوونەوەی دادوەری
- ئەنجامدانی 'پێشکەشکردنی داواکاریەکی دیکەی نوێ'

REFUGEE ACTION GOOD PRACTICE

## ئایا پێداچوونەوەی دادوەری چیە؟

دەتوانیت داواکاری پێشکەشی دادگا بکەیت بۆ پێداچوونەوەی دادوەری کاتێک دەزگایەکی حکومەت (لەم حاڵەتەدا UKVI) شتێکی نایاسایی، ناماقوڵ یان بە لایەنی کەم □□□ نەگونجاو ئەنجام دەدات. ئەگەر تۆ لە نێوان گرووپی یەکەمی خەڵکەکەدایت بۆ ئەوەی داواکاریەکەت وەک کشێنراوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، پارێزەر هەن کەوا ویستیان هەیە یارمەتیت هەیە. بەڵام، ئەگەر پێداچوونەوەی دادوەری یەکەمی ئەم بڕیارانە شکست بێنێت، ئەو کات ڕەنگە هیچی تر بژاردەیەک نەبێت.

پێداچوونەوەی دادوەری پرۆسەیەکی گرانبەهایە. بە نووسراوێک بۆ UKVI دەست پێدەکات بە داواکردن لەوان بۆ کشاندنەوەی بڕیارەکەیان نەوەک چوون بۆ دادگا. ئەگەر UKVI ڕەتی بکاتەوە، ئەو کات داواکاری پێشکەشی دادگا بکە. تەنها پارێزەرێک دەتوانێت نوێنەرایەتیت بکات لە داواکاری بۆ دادگا. ڕاوێژکارێکی OISC ی ئاستی 3 دەتوانێت نووسراوی سەرەتات بۆ بنووسێت. دەتوانیت هاوکاری یاسایی بۆ نوێنەرایەتی کردنی یاساییت دەست بخەیت ئەگەر کەیسەکەت بەهێز بێت.

ئەگەر پێداچوونەوەی دادوەری سەرکەتوو بێت، دۆخی مانەوەت پێنادرێت. لەجیاتی ئەوە، بۆ ئەو دۆخە دەگەڕێیتەوە کەوا داواکاریەکەت تیایدا بوو پێش کشاندنەوەی - لەگەڵ داواکاری پەنابەریی هەڵپەسێردراو کەوا هێشتا بڕیاری لە سەر نەدراوە.

سنووردارێکی کات هەیە بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ پێداچوونەوەی دادوەری - پێویستە بە زووترین کاتی گونجاو بیکەیت و لە ماوەی 3 مانگ لە دوای وەرگرتنی بڕیارەکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ داواکاریەکەت وەک کشێنراوە.

## ئایا 'پێشکەشکردنی داواکاریەکی دیکەی نوێ' چیە؟

'پێشکەشکردنی زیاتر' تەنها بەڵگەی نوێ و ئارگیومێنتی یاسایین دەربارەی ئەوەی بۆچی پێویستە وەک پەنابەر بناسرێیت، گەرچی پەنابەریت ڕەتکراوەتەوە یان داواکاریەکەت وەک کشاوە هەژمارکراوە. پێویستە خۆت پێشکەشی Home Office بکەیت، بە شێوەیەکی گشتی لە لیڤەرپوڵ.

کاتێک Home Office پێشکەشکردنی زیاتر وەردەگرێت، دەتوانێت یەکێک لەم سێ شتەی خوارەوە ئەنجام بدەن:

- بەخشینی دۆخی پەنابەری یان پاراستنی مرۆیی بە تۆ
- ڕەتکردنەوەی پێشکەشکردنەکان، بەڵام دان نان بە بوونی داواکاریەکی نوێ؛ ئەمە واتە مافی تێهەڵچوونەوەت هەیە
- ڕەتکردنەوەی پێشکەشکردن بەهۆی پەیوەست نەبوون بە داواکاریەکی نوێ

بۆ پێشکەشکردنی زیاتر بۆ داواکاریەکی نوێ، پێویستە شتێکی نوێ بێت کەوا پێشووتر ڕەچاو نەکراوە. ئەگەر داواکاریەکەت وەک کشێنراوە هەژمارکرا، ئەو کات UKVI ڕەچاوی هیچی نەکردوە، و بۆیە هەموو شتێک نوێ دەبێت. بۆیە پێویستە مافی تێهەڵچوونەوە وەربگریت ئەگەر ڕەتکرایەوە.

زیانێکی گەورەی پێشکەشکردنی زیاتر ئەوەیە کەوا داواکاریە نوێیەکە بەو جۆرەی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کەوا دوای 28ـی حوزەیرانی 2022 پێشکەشکراوە. ئەمە واتە دۆخێی پاراستنی کەمتر خوازراوت پێدەدرێت بەراورد بەوەی هەبووە ئەگەر داواکاریەکەت بە کشێنراوە سەیر هەژمار نەکرێت. ڕەنگە ئەوان بڵێن داواکاریە نوێیەکەت وەرناگیرێت. بەڵام، ئەمە ئەگەری کەمە.